# شەر لە دژی عیراق

وەرگیرانی لە فەرەنسی یەوە
هۆشیار قادر

شەری ئەمەریکا لە جیهان و رۆژهەلاتی ناوەراست و عیراق دا، شەریک نی یە بە دیاری کراوی دژی تیرۆریزم، بەلکو شەریکە بۆ دەست بە سەرا گرتنی جیهان و مانەوەی وەک ویەکەمین هیزی جاندارمی ئابوری و سیاسی جیهانی.
سالی 2003 ، ئەمەریکاو هاوپەیمانانی شەریکی خویناوی و وەحشیانەیان لە دژی خەلکی عیراق هەلگیرساند بە بەهانەی هەبونی چەکی کۆمەل کوژی رژیمی سەدام حسین و یان پەیوەندی لەگەل تیرۆریزمی قاعیدەدا.
ئەم شەرە ژیرخانی ئابوری عیراق و خەستەخانەکان و قوتابخانەکان و دا مەزراوەکانی کارەباو ئاوی خواردنەوەیان ویران کرد.
عیراق بوو بە ساحەیەکی جیهانی شەری نیوان دوو تیرۆریزمی جیهانی ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسی، کە قوربانی یەکانی خەلکی بی تاوانن، هەتا کۆتایی سالی 2006 زیاتر لە 650000 کوژراو تۆمار کراوە، خەلکی عیراق 70% یان بیکارن و 4 ملیۆن ئاوارەو دەربەدەر بوون، لە بەر نەبونی ئاسایش تەنانەت بۆ فەرمانبەرە پایە بەرزەکانی دەولەتیش.

ئەم شەرە کۆنەپەرستانەترین عاداتی لە دژی ژن زیندووکردەوەو ژنان بونە یەکەمین قوربانیانی ئەم شەرە. مندالان لەجیاتی ئەوەی لە قوتابخانەکان دا بخوینن ، کەوتنە سەرجادەکان و هەتا ئیستا زاتر لە 900000 مندالی هەتیوو هەیە لە عیراق دا.
ئەم شەرە بووە هۆی هەلگیرسانی شەری ناوخۆیی لە بەینی نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکان دا. حکومەتی دەسکەلای ئەمەریکا لە عیراق دا کە پیک هاتوون لە ئەحزابی ناسیونالیستی و مەزهەبی جیاواز، کە بەردەوام ئاگری شەری ناوخۆ خۆش دەکەن وپەرەی پی دەدەن، ناتوانن بیجگە لەمە شتیکی تریان بۆ خەلکی پی بیت.
لە ناو ئەم بارو دۆخە ئالۆزەدابووە کە دەیەها ریکخراوی جەماوەری وەکو { ژنان، کریکاری، مندالان، علیمانی} و پارتی سیاسی و کەسایەتی لە ناو کۆمەلگای عیراق دا، کۆنگرەی ئازادی عیراق یان پیک هینا لە 18ی ماسی 2005 د ا، کۆنگرە لە رۆژی دامەزراندنی یەوە خەباتیکی ماندوونەناسانەی لە دژی داگیرکاری ئەمەریکا و ئیسلامی سیاسی دەست پی کردووە.
لەم دەورانەی شەری مەزهەبی، کۆنگرە شیعاری { نە شیعە و ، نە سوننە، ئیمە ئینسانین} ی بەرز کردەوە. پشتگیری لە خەباتی کریکاران و ژنان و علیمانی یەکان کردووە، بۆ ئەوەی ژیانیان ئالوگۆری بەسەردا بیت.
ئەمرۆ کۆنگرە هیزی ئامانی دامەزراندووە، بۆ ئەوەی ژیانی خەلک بپاریزیت لە دژی هیرشەکانی ئیسلامی سیاسی شیعەو سوننە، وەلەم راستایەدا هەتا ئیستا ژیانی سەدەها کەسی لە مردن رزگار کردووە.
لە پال ئەم خەباتەی کۆنگرە لە عیراق دا، لە دەرەوە هاوپشتی یەکی جیهانی بۆ پەیدا بووە لە ئەمەریکاو ئەوروپاو وولاتانی رۆژهەلاتی ئاسیا.

کۆنگرە خەبات دەکات بۆ بونیاتنانی دەولەتیکی علمانی، نە ناسیۆنالیست و نە مەزهەبی، خەبات دەکات بۆدامەزراندنی دەولەتیک کە تەنها ناسنامەی ئینسانی بوونی ئینسانەکان بە رەسمی بناسی. بەلام بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، دەبیت لە پیشدا هیزی داگیرکەر بە زووترین کات لە عیراق بچیتە دەرەوە، هیزو تاقمە تیرۆریستی یەکان چەک بکرین و لە ژیانی خەلک دوور بخرینەوە.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، کۆنگرە { کەنالی سەتەلایتی سانا} ی دامەزراندووە، کە بەیارمەتی و هاوپشتی ریکخراوەکانی جیهانی کار دەکات، بەلام بۆ ئەوەی ئەم کەنالە بەردەوام بیت، دەبیت کیشە مالی یەکانی کە وەک بەربەستیک وایە لە بەردەم چالاکی یەکانیدا،چارەسەر بکریت، بۆ زال بوون بە سەر ئەم بەربەستەدا کۆنگرە پیویستی بە ئیوە {ریکخراوەکان، حیزبە سیاسی یەکان، سەندیکاکان، کەسایەتی یەکان}هەیە.

ئەوەشتان لە بیر نەچیت یارمەتی یەکانتان بۆ خەلکی عیراقە، بۆ ئەوەی لەم کابوسە رزگاری بیت کە رەشترین و کۆنەپەرستانەترین هیز لە میژووی عیراق دا لە ساحەکەی دا رمبازین دەکەن.

کۆنگرەی ئازادی عیراق– سویسرا
30/05/2007

ئەم راگەیاندنە بە زبانی فەرەنسی نوسراوەو رۆژی 11.05.2007 لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا هۆشیار قادر وەکو نوینەری کۆنگرە ی ئازادی عیراق چاوپیکەوتنی لەگەل هەردوو رۆژنامەی:

Freiburger Nachrichte , La Liberté

کردووە کە بە زبانەکانی ئەلمانی و فەرەنسی دەردەچن لە شاری فریبۆرگی سویسرا، هەمان ئەم راگە یاندنە رۆژی خۆپیشاندەکەی فریبۆرگ لە دژی شەرو لە دژی بەستنی کۆبونەوەی 8 وولاتە پیشەسازی یەکان بلاوبۆتەوە لە 24.05.2007

لەو خۆپیشاندەدا هاوری فارس محمود وەکو لیپسراوی دەرەوەی وولاتی کۆنگرەی ئازادی عیراق بەشداربوو هەر لەوید ا قسەوباسی بۆ خۆپیشاندەران کردو ئیوارەکەشی سیمیناریکی لە سەر وەزعی عیراق وبەدیلی کۆنگرە بەست.

hoshyarkadr@yahoo.fr

www.ifcongress.com
ifcongress@gmail.com
freiheitskongress@yahoo.de

adresse :
IFC
Postfach 1006

9001 St. Gallen
Swisse.